# کەسایەتیەکانی ناوچەی بۆکان باشتر بناسین!

ناسین و ناساندنی کەسایەتیەکانی مەڵبەند و ناوچەکانی کوردستان کە ڕەنگە لە چیرۆک و بەیت و حەیران و لاوک و سەربوردە وراز و گۆرانیەکاندا ڕەنگی دابێتەوە،کارێکی گرینگە کە یارمەتی ڕوونکردنەوەی مێژووی نەتەوەکەمان دەدا. گەلێک لە نووسەران و چیرۆک نووس و شاعیران و مێژوونووس و توێژەران و لێکۆلەرانی کورد ئەم کەسایەتیانەیان لە نووسینەکانیاندا زیندوو ڕاگرتووە کە بەشێک لەم کەسایەتیانە لە ژێر ناوی تردا کەوتونەتە ناوی جیهانی ئەدەبیات و هونەر. یەکێک لە نووسەرە پێشڕەوەکانی کورد کە دەبێ پێشڕەوی نووسینی کورتە چیرۆک لە ناو کورددا بێ، مامۆستا حەسەنی قزڵجیە کە لە پێکەنینی گەدادا ئەم کەسایەتیانەی بەکار هێناوە، کە زۆربەیان کەسایەتی ڕاستی ناوچە و مەڵبەندی موکریان بوون. نووسەر و توێژەری کورد ئەنوەر سوڵتانیش لە نووسینەکانیدا لە پێوەندی لە گەڵ مێژووی بۆکان دا ناوی گەڵێک لە کەسایەتیەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێناوە بە تایبەت لە زنجیرە وتاری"بۆکان لە مێژوودا"، ئێستاش موحسین قزڵجی خوشکەزای مامۆستا حەسەن قزڵجی کە پێشتر کۆمەڵە بەرهەمەکانی خاڵی لە توێ کتێبێکدا لە چاپ داوە، بە هاوکاری نووسەر و شاعیری بۆکانی موحسین سالمی، باسێکی گەلێ تازە لە ماڵپەری بۆکان دا ئاواڵە دەکاتەوە، کە دەتوانێ بۆ هەموو گوند و باژێرەکانی کوردستان بە سوود بێ، لە پێناوی کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی مێژووی مەڵبەند و ناوچەکان و کەسایەتیەکان. ئێمە لە ماڵپەری بۆکان و ڕۆژهەڵات وێڕای سپاس لە هەر دوو نووسەران موحسین و موحسین، هیوادارین ئەم زینجیرەیە بە هاوکاری کەسانی تر دەوڵەمەندتر بکرێ.                                  ماڵپەری بۆکان

## با پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکی"کوێخا هۆمەر" لە کتێبی پێکەنینی گەدا، لە نووسینی مامۆستا حەسەنی قزڵجی باشتر بناسین.

"سەید حوسێن بەدەوی" لە ئەسڵدا لە هۆزی "گاوانی"یە و عارەب پێیان وتوون"جاوانی"، ناوی باوکی "سەید غەفور" بووە و زیاتر لە100 ساڵ لەمەوبەر ڕوو دەکاتە شاری"سابلاغ"، هۆی هاتنی لامان دیار نییە. سەید غەفور، جەراحی کوردیی بووە. بە دەوا و دەرمانی سرووشتی کە لە ڕێگای (کوڵاندن، هارین، تێکەڵکردن و..) ڕەعەمەلی هێناوە،  چارەسەری نەخۆشەکانی کردووەو ناوبانگی دەرکردووە. سەید حوسێن لای زانایانی ئەو سەردەمە و لە هەل و مەرجی ئەوکات دا پەروردە بووە، کەسێکی زۆر زانا، شارەزا و نوکتەزان بووە. مەجلیس و کۆڕی بە قسە خۆشەکانی ڕازاندۆتەوە و یەکێک لە خەت خۆشەکانی چاخی خۆی بووە. وەک باس کراوە سەردەمێک لە لایەن پارێزگاری"تەورێز" دەکرێتە بەخشداری"سەردەرۆ"، لە دایرەی"دەغڵ و دان/ئیدارەی غەلەی سابلاغ" بۆتە فەرمانبەر، هاوکات بە هۆی شارەزایی و زانایی لە ناوچەی موکریان مامۆستایەتیشی کردووە، بە تایبەت لە ناو هۆزی"مەنگوڕ"، مامۆستای تایبەتی  منالان بووە. دیارە ئەو کات زیاتر لە گەڵ پیاو ماقوڵان و ئاغاوات و مامۆستایان هات و چۆی هەبووە. پاش ئەوەی خانەنشین کراوە بە ماڵەوە هاتۆتە شاری بۆکان و تا ئێستاش جگە لە هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی کەلە نەغەدە و خانێ"پیرانشار" و سابلاخ دەژین،زۆربەی زۆری بنەماڵەکەیان هەر نیشتەجێی شاری بۆکانن،کە بنەماڵەیەکی خۆش ڕەوشت و خزمەتکاری خەڵکن و مامۆستایەتی و فەرمانبەری بۆتە پیشەی بنەماڵەیان. خۆی سەید حوسێن کەسێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەر بووە. دیارە کەسی وا هەردەم لە لایەن دوژمنانی گەل و نیشتمان، ئازار دراوە. لە لایەن"عوسمانیەکان" چەندین جار گیراوە و ئازار دراوە.ڕوسەکانیش بە تاوانی دژایەتی خۆیان و بە

تۆمەتی هاوکاری عوسمانی!!! گرتوویانە و وێرای 7 ئاغای دیکەی ناوچەکە تا شۆرشی ئوکتۆبر لە بەندیخانەکاندا ڕاگیراوە و پاش یەک ساڵ ژیانی ناو بەندیخانە گەڕاوەتەوە باوەشی نیشتمانی خۆی. هەر بەم هۆیە شارەزایی باشی لە زمانی رووسی پەیدا کردووە. جگە لە زانینی زمانگەلی کوردی و فارسی و تورکی، لە وانەیە عەرەبیشی باش زانیبێ. لە سەردەمی ژیانیدا هاوڕێی"قازی عەلی، مەلا عەلی قزڵجی" و "عەلی خانی سەرداری بۆکان" بووە. گیرانی سەید حوسێن لە لایەن دوژمنانی نیشتمانەوە دەیسەلمێنێ کە کەسێکی نیشتمان پەروەر بووە و سەری  بۆ نەیارانی کوردستانی خۆشەویستمان دانەخستووە .

## پێوەندی نێوان سەید حوسێن بەدەوی و کەسایەتی کوێخا هومەر

کاتی خۆی خەڵکی ناوچەی"سوێسنایەتی" بە رابەری"کوێخا هومەر" دژی دەستەڵاتی رەشی"رەزاشا" رادەپەڕن و دیکتاتۆر بۆ دامرکاندنی ئاگری راپەڕین 2 ئەفسەری پایەبەرزی خۆی رەوانەی ناوچەکە دەکا. ئەو ئەفسەرە نابەڵەدانە پێویستیان بە کەسێکی شارەزا بووە و لە کەسێک گەڕاون کە شارەزا و زانا و جێگای رێز لای خەڵکی ناوچە بێت. ئەو کەسە سەید حوسێنە کە بە گۆڕینی ناوی لە چیرۆکەکەدا دەبێتە رێبەر و یاریدەدەری ئەم ئەفسەرانە. سەید حوسێن بە ناوی"کاک حوسێن" دەبێتە پاڵەوانی چیرۆکێکی رێئالیستی.

## بەڵام چۆنمان زانی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە سەید حوسێنی بەدەوی بووە.

مامۆستا"محەمەد ئەشعەری"[1] کە چەند ساڵ لەمەوبەر کۆچی دووایی کرد، کەسێکی شارەزای مێژوو و رووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە و شاری بۆکان بوو. ئەو شایەتی ئەم باسەی داوە. بە پێی ئەوەی مامۆستا ئەشعەری مرۆڤێکی ناسراو و جێگای رێزی خەڵکی شاری بۆکان و گەلێک راستبێژ  بووە، پشتمان بە شایەتیەکەی بەستووە. کاک موحسێن سالمی"مێدیا"، کاتی خۆی ئەم باسەی کۆ کردۆتەوە. منیش لە لایەن خۆمەوە بە باشم زانی بۆ بەرگری لە بیرچوونەوە یان فەوتانی بە یارمەتی خۆی ئەم باسە بنووسم و بینێرم بۆ ماڵپەری بۆکان بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین لەم چەشنە چالاکیانە بەردەوام بین. خۆتان باش ئاگادارن لە هەل و مەرجی پەنابەری، لەم وڵاتە، ئەم چەشنە کارانە ئاسان نییە و جۆرەها تەنگ و چەڵەمەی بە دوادا دێت، بەڵام هیوادارم کەڵکی هەبێت و من و کاک موحسێن توانیبێتمان خزمەتێک بکەین یان لانی کەم بتوانین هاندەری برادەرانی تر بین کە هەرچی ئاگاداریان هەیە بینێرن بۆ شوێنی خۆی و بتوانن لە دەست ئەم بێ ئارشیوی و بێ بەرنامەیە رزگار بین.

سەرکەوتوبن ئەم باسانە بەردەوام دەبن
موحسین قزڵجی کۆنیا تورکیا

---

1) محەمەد ئەشعەری مامۆستای مامۆستای فێرگەکانی شاری بۆکان بوو. ئەو لەو مامۆستایانە بوو کە لە سەردەمی پاشایەتیدا تووشی ئازار و زیندان و ڕاگواستنی بە زۆر کراو و ساڵەها لە کوردستان دور خرایەوە. مامۆستا ئەشعەری کوڕی مەلای زانا و دڵ بینا مەلا عەولای ئەشعەری بوو. ئاغای ئەشعەری لە سەردەمی راپەرینی میللەتانی ئێران، یەکێک لە چالاکانی سیاسی  شاری بۆکان بوو ، ئەو لە هەموو خۆپێشاندانەکان و کۆبوونەوەکانی  مزگەت و لە خوێندنگاکان هەمیشە لە ریزی پێشەوەدا بوو. ئاغای ئەشعەری وەک مامۆستایەک دەوری جیدی هەبوو لە پەروەردەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خوێندکارانی فێرگەکانی بۆکان. بە داخ و کەسەرێکی زورەوە زۆر زوو ماڵاوایی لە ژیان کرد. یادی گەرم و زیندوو بێ.(ماڵپەری بۆکان)